

# پۆل ئێلوار

## شاعیری خۆشەویستی و ئازادی لەقەوانێکی ئاوێتەکراودا

عیسا مەخلوف *

گۆڤارێکی فکری، فەلسەفییە، دوو مانگ جارێک دەردەچێت

ئیلوار سەدان هۆنراوەیە، ناونیشانی ئەو قەوانە ئاوێنەییە لەلایەن کۆمپانیای سۆفئیسیمۆ بەم دواییانە لەفەرەنسا بڵاوبووەتەوە، کۆمەڵێک بەرهەمی شیعری شاعیری فەرەنسی پۆل ئیلوار لەخۆدەگرێت(1895-1952) دیارترین وێنەگە شیعرییەکان دێنێتەوە یاد. ئەم کۆمەڵە بەرهەمە شیعرییە لەلایەن کۆمەڵێک ئەکتەردوە بەهەردوو رەگەزەوە دەخوێندرێنەوە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرسامییە بۆئێمە ئەو شیعرانەیە بەدەنگی خودی شاعیر دەخوێندرێنەوە. قەوانەکە بیۆگرافیای شاعیر لەخۆدەگرێت وچەندین وێنەی پێوە هاوپێچکراوە کەخودی شاعیر وهاوڕێیەکانی تێدایە، لەگەڵ ئەوانەی لەبزوتنەوەی سوریالی پێکەوەبون، هەروەها لەگەڵ هاوسەرەکەیدا (نوش)کەمردن لەتەمەنێکی زوودا کۆتایی بەژیانی هێنا، کەئادوارۆژیش لەشیعرەکانیدا دەیهێنایەوە یاد.

ئیلوار وەک زۆرێک لەهاوڕێیکانی لەقوتابخانەی سوریالی شایەت بوو لەسەر گۆڕانکارییە سیاسی و ئەدەبییەکانی سەردەمی خۆی، جگەلەوەش بەشداربووە لەقوتابخانەی دادائی، هەروەها لەدامەزراندنی قوتابخانەی سوریالیدا لەگەڵ شاعیری هاوڕێیدا ئەندریە بریتۆن بەشداریکردووە. لێ یەکێکیش بوو لەسیمبوڵەکانی بەرەنگاری پارتیزانانی فەرەنسی لەدژی کۆلۆنیالیستی نازییەکان، ئەمەش لەڕێگای شیعری (ئازادی)یەوە خستیەڕوو، ئەم دەقەش شیعرێکی بەناوبانگە بۆزۆرترین زمانەکانی جیهان وەرگێردراوە.

ئیلوار بەوە ناسرابووە ، مەیلی بۆ هیۆمانیزم وبانگەشەکردن بۆئاشتی و بوونی کۆمەڵگەیەک کەدادپەروەری وخۆشەویستی تێدابێت، هەروەها دەڵێت (هانی ئیلهام بەخشین دەدات وەک ئەوەی ئیلهام وەربگرێت). ئەمەش لەو شیعرانەدا دەردەکەوێت کەساڵی (1918)بەناوی لەپێناوی ئاشتیدا نوسیویەتی. لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم ئاشنایەتی لەگەڵ هەریەک لەشاعیران و ئەکتەران: بریتۆن وئاراگۆندا وسۆبۆ ومارگرێت ومان رایدا پەیداکرد. لەو سەردەمەشداو لەساڵی (1920) (ئاژەڵ ومرۆڤەکانی، مرۆڤ وئاژەڵەکانیان) نوسی، دواتریش لە(1921) پێداویستیەکانی ژیان وئەنجامی خەونەکانی بڵاوکردەوە، بەڵام زۆرترین کۆمەڵەشیعری کەرەنگدانەوەی تێدایە، بۆئەوەی سەر بەبزوتنەوەی سوریالیە (مردن لەنەبوونی مردنەوەیە). لەبەرهەم وهەڵوێستەکانیدا ئیلوار بەجۆرێک سەیری خۆشەویستی و ژن دەکات، بەوپێیەی دووتایەمی بێگەردی وجوانین. خۆشەویستی بۆ ئەو ئەزمونێکی تەواوەتییە ومانای ژیانی پێدەبەخشێت، هاوتای لەدایکبوونەو هەستی ئەوەی پێدەبەخشێت کەلەژیاندا ماوە. لێرەدا هەندێک لەو شیعرانەی لەو قەوانە ئاوێنەکراوەدا هاتووەتە بەرهەم وەردەگێرین، هەموو شتێک کۆمان دەکاتەوە، کاتێک لەیەکتری دوربین، بەشی دەنگدانەوە و ژنان بە، بەشی هۆدە و شار بە، بەشی هەموو پیاو هەموو ژنێک بە. بەشی یەکێتی کەهەمیشە بەشی تۆیە ، لەنێوان خۆمان دابەشیدەکەین، بەڵام بەشی تۆ نەزرە لەمن وبەشی منیش نەزرە لەتۆ.

(2)

خۆشم دەوێت خۆشم دەوێت لەپێناوی هەموو ئەو ژنانەی ئاتێسنا نەمناسیون، لەپێناوی ئەو زەمەنانەی تیایدا نەژیاوم، بۆ بۆنی دەریای فراوان،بۆ بۆنی نانی گەرم، بۆ ئەو بەفرەی بەرامبەر گوڵەکانی سەرەتا دەتوێنەوە، بۆ ئەو ئاژەڵانەی مرۆڤەکان نائۆقێنن، خۆشمدەوێت، بۆئەوەی خۆشیان بوێم. لەپێناوی هەموو ئەو ژنانەی خۆشم ناوێن، بۆ دانایت خۆشمدەوێت، نەک دانایم دژی هەموو وەهمێک، بۆئەو دڵە هەمیشەییەی هەمە.

(3)

ئەنانەت کاتێک دەخەوین یەکێکمان شەونخونی بۆ ئەوی ترمان دەکات، ئەم خۆشەویستیە زۆر بارگرانە لەبەرهەمێکی پێگەییوە، رۆژ لەدوای رۆژ وشەو لەدوای شەو بەردەوام دەبێت.

(4)

لەهەرکوێیەک بم دەبم، کەخوێنی تۆی لێیە، دەنگدانەوەی تۆ لەهەموو گەشنەکاندا، گەشنی بێ هەور وەک

بەردێکی خەوشدار بەپیاکێشاندا شەو بکوژێنێنەوە.

(5)

بەم شێوەیە لەخەیاڵی مندایێ ، زۆر سوپاس و قەرزاری ژیانم، نەک ژیانی من، بەڵکو هەموو ژیانێک، خەون گەلێکی زۆر هەیە لەهەوادا وپەنجەرەی زۆریش هەیە وژنان لەسەر گیاو سامانی مناڵن. دادپەروەری بەرهەمی نایاب وئازەی لەسەرشێوەی مافی بێگەرد لەخۆگرتوە.

(6)

لەبەردەممدا ئەو دەستە هەیە، کەرەشەباکان هێمن دەکاتەوە، روەکەکان گەشەدەکەن، ئایا ئەمە دەستی ئۆیە؟ ئەمە هێمایە؟ کاتێک بێ دەنگی لەسەر ئاو ولەقوڵایی بیرەکاندا دەیبەستێت، لەکۆتایی بەیانیدا، ئایا ئەوە دەستی ئۆیە؟ ئەمە یادەوەرییەکی رەشەبا ئامێزی خۆرە.

(7)

درێژدەبێنەوە بۆئەوەی واهەست بکاث کەمئرین دانەیە

(8)

چۆلەکەکان، دارستانەکان گوڵاورژێن دەکەن، بەردەکانیش دەریا گەورەکانی شەوانە گوڵاورژێن دەکەن، هەڵدەستێت ئاوەکان دڵخۆش دەبن چاولێک دەنێیت ئاو دەکرێنەوە، ئۆ ئاوی ئایندەی لەنەبوونەوە ئۆ رەگێ داکوئاوە، هەموو شتێک گەشە دەکاث. چەندین ئاوازی شەوانە دەچریت لەسەر رەنگەکانی پەلکە زێرینە. ئۆ لەهەموو شوێنێکیت وهەموو رێگاکان رەندەکەینەوە، کاث دەکەینە قوربانی لەپێناوی لاوانی

ئیلوار وەک زۆرێک لەهاوڕێیکانی لەقوئابخانەی سوریالی شایەث بوو لەسەر گۆڕانکارییە سیاسی و ئەدەبییەکانی سەردەمی خۆی، جگەلەوەش بەشداربووە لەقوئابخانەی دادائیدا

هەمیشەیی ومەشخەڵی راستەقینە کەسروشت دەپێچینەوە ، بۆئەوەی خودی جەستە لەدایک بێث.

(9)

بۆماوەیەکی زۆر دەموچاوێکی ناشیرینم هەبوو، بەڵام ئێستا دەموچاوێکی دڵگیر، دەموچاوێک دڵم پێ خۆشە

(10)

کچە ئاشقەکە، لەسەرپێلوەکانم وەستاوە، ئەگریجەی ئێکەڵاوی شیعرەکانم دەبێث. شێوەی دەستم وەردەگرێت وەک بەردێک لەئاسماندا لەسێبەرمدا دێث ودەچێث. هەردوو چاوی هەمیشە کراوەن ودەستبەردارم نابێث، خەوم لێیکەوێث. خەونەکانی لەناوەڕاستی روناکایدان، وا لەمۆمەکان دەکاث بێنەهەڵم ومنیش پێدەکەنم. دەگریم وپێدەکەنم، قسە دەکەم، ئەنانەث ئەگەر شتێکیش نەبێث باسی لێوەبکەم. ئەو چاو نواندنەی ئۆ کە سوری خوێنی دڵم ئەواو دەکاث جێ نزرگەی دلمە. وئەگەر مانای هیچ شتێک نەزانم، چونکە چاوەکانث هەمیشە لێم نارِوانێث.

(11)

پێموئی ئەو قسانە لەپێناو هەورەکان درەخئی دەریا، لەپێناو شەپۆل وچۆلەکە شاردراوەکانی ژێر گەڵاکان لەپێناو دەنگ و دەستە بێ ئازارەکان، لەپێناو چاو کەدەبێنە دەموچاوێک ودیمەنێک وخەوێک کەئاسمانی بۆدەگێرێنەوە رەنگی شەو کە بۆ پەنجەرەی رووی ئاشکراث کراوەتەوە، پێموئی بۆ بیروبۆچونەکانث، بۆ قسەکانث بۆ هەموو نیگایەکث، بۆئەوەی متمانە بمێنێث

(12)

بەدەستگرتنێک، وادەکەم بریقەث لێبێث.

(13)

هیچ کەس وەک ئۆ نامناسێث، هەردوو چاوث پێکەوە دەنوێث، باشترین شەوانێکی پێدەبەخشێث،هەردوو چاوث کەگەشث ئەکەم رێگا بێ ماناکانم نیشانددداث، ئەنها زەوی ماناکانی دەزانێث. لەچاواندا خودی ئەوە ناگەڕێنەوە، ئەوەی ئەنهایی ناکۆئامان دەدۆزێنەوە. هیچ کەسێک وەک من بەباشی نائناسێث.

*رۆژنامەی سەفیر